خوێنەرانی هێژا .

هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دیمەنێکی جوان و پڕ لەواتا بە خۆپیشاندان و میتینگەکانی خەڵکی کوردستان دەبەخشێ. جاری یەکەمە لە مێژووی نەتەوەکەماندا کە بەو چڕیە ئاڵاکەمان هەڵبکرێ و لە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان و لە شوێنەکانی تری نیشتیمان و لە هەندەران بشەکێتەوە. هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەلایەک نیشاندانی وەفاداری و دڵسۆزیە بەرامبەر بەو شەهیدانەی کە لە پێناویدا گیانی خۆیان بەخشی و، لەلایەکی تر سەیوانێکی زۆر گرنگە و پڕ لە بایەخە بۆ ئەوەی خەڵکی هەموو بەشەکانی کوردستان لەژێردا کۆببنەوە. لێرەوە قسە دێتە سەر سوتاندنی ئاڵای تورکیا لە خۆپیشاندانەکەی هەولێردا. ئەوەی لێرەدا جێگای باسە، چاپەمەنی تورکیا خۆی لە هەموو دیمەنە جوانەکانی خۆپیشاندانی پڕ لە شکۆی خەڵکی هەولێر پاراستووە و لەسەر دیمەنی سوتاندنی ئاڵای تورکیا گیرساوەتەوە.

کوردستان نێت

---

# گەشتێک بە ڕۆژنامەکانی تورکیدا (٦)

بەکر شوانی
bschwani@hotmail. com

ڕۆژنامەی "ئاکشام" ٢٠٠٣/٣/٤

## هەڵوێستی ئەمەریکا: نا بۆ تورکیا لە باکوری عێراق، بەڵێ بۆ ئێران

تونجای ئۆیزکان:

(ئایا هەست بەو بەڵایانە دەکەین کە دەویستریٚ بەسەری تورکیا بهێنریٚ؟ بێگۆمان هەستیان پێدەکەین. باشە چی دەکەین؟ هەڵوێستێکی جیاواز لە ڕابردوو نیشان دەدەین. پەرلەمان دوای تێپەڕبوونی سەردەمێکی درێژخایەن بۆ جاری یەکەم هەڵوێستێکی جودای نواند. ئەم هەڵوێستە لە کاتێکدا دێت کە پەیوەندی و هاوکاری نێوان پکک و بەگەکانی کورد و ئێران و ئەمەریکا لە باکوری عێراق لە بەرزترین ئاستدایە. کێشەکە بە نیسبەت تورکیاوە تابلۆی ئابوری و بابەتی باکوری عێراقە لەدوای بڕانەوەی شەڕ. لەوانەیە ئەمانە ڕەشبین بن، بەڵام ئیدی تورکیا دەتوانێ دەستپێشخەری خۆی بنوێنێ. ئومێدم زیاتر بووە. لە باکوری عێراق شتی وەها ڕوودەدات کە وامان لێدەکات لە نیگەرانی دەربڕیندا مافدار بین. دەگوترێ "بەڵێ" بۆ چالاکیەکانی ئیستخباراتی ئێرانی، کەچی بە تورکمانەکان و تورکیا "نا" دەگوترێ. ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا کۆنسەیەکی شەش کەسی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق هەڵبژێردرا. تورکیا چەندین ڕۆژ گوشاری خستە سەر لێپرسراوانی ئەمەریکایی و گروپە کوردیەکان بۆ ئەوەی تورکمانەکانیش بخەنە ئەم کۆنسەیەوە، بەڵام ئەم داخوازەیان ڕەتکردەوە. گوێیان لە ئێمە نەگرت و تورکیا و تورکمانەکانیان لە دەرەوە هێشتەوە. ئەم کۆنسەی سەرۆکایەتیە کە بارزانی و تاڵەبانیشی تێدایە، تورکمانی تێدا نیە. واتە وتیان لەدوای سەدام حسێن تورکیامان ناوێت.

---

ڕۆژنامەی "یەنی شەفەق" ٢٠٠٣/٣/٤

www.kurdistannet.org
06/03/2003 00:37

## ئاژاوەکەی هەولێر

ئەحمەد تاشگەتیرکەن:

(لە باکوری عێراق گێچەڵی دژ بە تورکیا درێژەی هەیە. ئەم گێچەڵە درێژدەبێتەوە تا لێدوانی سەرانی کورد کە دەڵێن " باکوری عێراق بۆ سەربازانی تورک دەکەین بە گۆڕستان"، ڕاگەندراوی کۆنسەی سەرۆکایەتی ئۆپۆزسیۆنی عێراق دژ بە تورکیا و سوتاندنی ئاڵای تورک لە هەولێر دەگرێتەوە. ناکرێ بیر لەوە نەکرابێتەوە کە سوتاندنی ئاڵای تورکیا و شێلانی لەژێر پێدا لەم کاتەدا لە تورکیا چۆن دەبێتە هۆی تەقاندنەوەی شەپۆلی هەست و سۆزی جەماوەر. دیمەنەکانی هەولێر بریتی نیە لە کاردانەوەی ئاپۆرەیەک کە لەخۆیەوە پێکهاتبێ. ئەگەر تەنانەت وەهاش بێ، هێشتا واتایەکی گەورەی هەیە. کەواتە لەوێ قوتابیان لە قوتابخانەکان بەشێوەیەک لەسەر دوژمنایەتی کردنی تورکیا ڕادەهێنرێن کە هەموو ساتێک بۆ تەقینەوە ئامادە بن.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت